# دیاری .... ئیبراهیم هەورامی

وەک نەسیمی بەیانی یەکی زوو
وەک لەنجەی گۆرانی یەکی هێمن
وەک سەمای داباریني باران ....
وەک ئاهو نوزولەی فرمیسکەکانی دایکم
وەک بیرەوەری یەکانی منالیم
پەنجەکانم بە بۆنی ئەگریجەتەوە ئالودەبوون
بەڕاموسانی مەمکەکانت
ئەو مەمکانەی هەمیشە ...
وەک منالێکی ئارام
ئارام ...ئارام لەنێو ستیانەکەت دا
چاوەڕوانن .
گەمەیەک لەتەک پەنجەکانما بکەن .
نیگاکانی چاوەکانم پڕن
لەڕوانینەکانی تۆ .
سی یەکانم پڕن
لەبۆی ماچی لێوانی تۆ .
پانتایی ژوورەکەم
لێوان لێوە
لە سیمای پڕلە جوانی یەکانی تۆ .

******

هێندە باسی جوانی چاوەکانتم
بۆ گولەکانی باخچەکەم کردووە
چی گول هەیە
ڕەنگی لەڕەنگی تۆ دەچێ
سیمای لەسیمای تۆ
بۆنی یەک بەیەکیان
لەبۆی زولف و
لەبۆی ماچ و

لەبۆی مەمانی تۆ دەچێ .
هێندە باسی تۆم
بۆ چاوەکانم کردووە
چی خەونی شەوانم هەیە
پڕن لەتۆ .
پڕن لەنجەی هەنگاونانت ..
پڕن لە ڕوتبونەوەی کاتەکانی
پێکگەیشتن .
پڕن لە ............

********

چی ماچی ڕژاوی نێوانمان هەبوو
چی تالەی قژی بەجێماوی ئەگریجەت بوو
چی هەناسەی پڕلەسیحری سنگت هەبوو
چی نیگای مەستی چاوانت بوو
لەژورەکەمدا
کۆمکردنەوە .
وەک ملوانەیە دام لەبەرۆکی شیعریک و
بەپاساری یە کەی هاوڕێم دا
وەک دیاری یەکی ئەم ساڵ
دام بەبەهار
تا لەگەڵ ئەوەڵی نەورۆز دا
باخ و دەشت و
شاخ و هەردی کوردستان .
لێوان لێو بێ لەگوڵی جوان